كۆڕی بەڕێز كەیفی عەبدوڵڵا

# بابەت " كەركوك لەنێوان ماددەی 140 و تێڕوانینی جیاواز جیاواز"

2006/11/14

ئەوەی من ئەمڕۆ باسی ئەكەم شتێكی تازەو عەجایب نی یە مەسەلەی باس كردن لەسەر كەركوك هەر لەدوای ڕاپەرینەوە تاوەكو ئێستا بەبەردەوامەوە قسەی لەسەر كەركوك دەكرێت هەمووشی لەقسەكان پشت ئەستووری بەو مێژووییەی كە حەرەكەی سیاسی كوردی كە هەمیشە لەگفتوگۆكانی لەگەڵ حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی عێراق دیارە هەموومان دەزانین مەسەلەی كەركوك مەسەلەی سەرەكی بووە لەهەڵوەشانەوەی گفتوگۆكان یاخود لەسەركەوتنی هەر گفتوگۆیەك ئەگەر كرابێت، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس پاش ئەوەی دەستووری عێراقیش دامەزرا دیارە هەموو مەسەلەكان كۆبووەوە ئەو معالەجە و ئەو سیناریۆ ئەو قسانەی كە لەسەر كەركوك دەكرا هەمووی بێ ئاكام بوو گەیشتە ئەوەی كە ماددەی 140 ببێتە ڕەمزێكی قانوونی سیاسی یاخود ببێتە ماددەیەكی گرنگ بۆ معالەجەكردنی قەزییەی كەركوك دیارە شتێكی تازەیە بەنسبەت كورد هەمیشە ئەگەر ئێمە مێژوو بخوێنینەوە لەمفاوەزاتە یەك لەدوای یەكەكانی سەركردایەتی سیاسی كورد لەگەڵ بەغدا هەمیشە لەڕێگای مفاوەزاتەوە لەڕێگای سیاسیەوە قسە لەسەر كەركوك كراوە، كە باس لەماددەی 140 دەكەین دەستووری هەمیشەیی عێراق جێ بۆوە بۆ یەكەمین جارە مەسەلەی كەركوك بچێتە خانەی مەسەلەیەكی یاسایی لەعێراق دا كە ئەوە خۆی تەتەورێكە سەبارەت بەمەسەلەی كەركوك چۆن معالەجە دەكرێت ناكرێت ئەوە پرسێكە ڕەنگە زۆر مناقەشە بكرێت. ئەوەی من مەبەستم بوو یەكەمین جارە بەپێ ی ماددەیەكی دەستووری یاسایی معالەجە بۆ مەسەلەی كەركوك بدۆزێتەوە من لەو محازەرەیە باسی ئەوە ناكەم باس لە گەڕانەوەی ئاوارەو (خارطة طريق) ە كە بۆ كەركوك داڕێژراوە بۆتە بەسێ قۆناغ قۆناغی كۆتایی كە دەگاتە ڕیفراندۆم بۆ مەسەلەی كەركەكوك یان دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی كوردستان یان بەشێك دەبێت لە فیدراڵی كە ئەوە بەپێ ی دەستوور بەپێ ی ماددەی 140 هاتووە، ئەوەی من دەمەوێ باسی بكەم دوای 140 یاخود بڵێین دیوەكەی تری تێڕوانە جیاواز جیاوازەكانە لەسەر مەسەلەی كەركوك ماددەی 140 تەوافێك بوو لەنێوان پێكهاتە عێراقیەكان بۆ ئەوەی كە دوایی ئەو هەموو مفاوەزاتە گەیشتنە ئەوەی كە لەڕێگای قانوونیەوە كەركوك چارەسەر بكرێت من پێم خۆش بوو باس لەو هەموو سیناریۆ نهێنیانە بكەین لەو هەموو تێڕوانە نهێنیانە بكەین كە بۆ كەركوك حازر كراوە ئەجندایی كوردیش ماددەی 140 نی یە من ئێستا لێرەو محازەرەیە باسی دەكەم كە دەڵێم تەوافق چونكە تێڕوانینی پارتی و یەكێتیش لەسەر مەسەلەی كەركوك تێڕوانینێكی جیایە كە ئێستا دێم دوایی ئەمریكاو توركیا ئەوانە باسی بكەم، چۆن كاتی خۆی لەساڵانی 1918 كە جەنگی یەكەمی جیهانی كۆتایی هات مەسەلەی عێراق سەرلەنوێ دروست كردنەوەی عێراق بۆ بابەتێك كۆمەڵێك پرۆژە بۆ چارەسەركردنی قەزیەی كوردی هاتە ئاراوە. لەو پرۆژانە بەریتانیەكان پێشنیاری دەوڵەتیان كردووەو كورد پێشنیاری فیدراڵیان كرد بۆ كورد پێشنیاری دروست كردنی كۆمەڵێك دووەیلاتی بچوكیان كرد بۆ كورد ئەمانە كۆتایی هەمووی لەوە كۆبوەوە كە كورد بەبێ ئیرادەی خۆی بچێتە ناو دەوڵەتێك و ناوی لێنێن عێراق ئێمە هەموومان

ئەو حیکایەتە مێژووییە ڕەنگە بزانین ئێستا جگە لە ماددەی 140 کۆمەڵێك سیناریۆ هەیە سیناریۆی ئەمریکا هەیە من خۆم لە ئەمریکاییەکان گوێم لێ بووە کاتی خۆی کە هاتنە کەرکوك و چەندین محازەرات و سمینار لە ئیستیخباراتەکانیان لەمەسەلەی کۆنگرەیس مانەکانەوە خۆم گوێ بیستیان بومە ماوەیەکیش لە کوردستان متەداول بوو بۆ ئەوەی کە کەرکوك شێوازەکی تایبەتی تێدا دروست دەکەن و وەکو هۆنگ کۆنگی لێ دەکەن تەبیعەتی هۆنگ کۆنگ شارەزاینە چۆنە کە چ خسوسیەتێکی هەیە لەسیستەمی دونیادا من هەتا یەك لەوانە کابتن جەر بەرپرسێکی زۆر گەورەی پانتاگۆن بوو لەوانەبوو کەقسەی زۆر بەنەزەری ئیعتیار وەردەگیرێ زۆر مناقەشەم لەوە کرد گوتی هەر پێشنیارێك بۆ کەرکوك بکرێت ئەمریکا پێشنیارێکی دوورودرێژی بەعیدول مەدای هەیە ئەوەی کە ناوی لێنا هۆنگ کۆنگ بەو شکلە خسوسیەتی کەرکوك دەپارێزن، ئەویش بۆ ئەوەی ململانێ یەکە توندتر نەبێت لەسەری پاشان دەستەواژەی برۆکسل بەڕێز مام جەلال دروستی کرد کە هۆنگ کۆنگ بوو گۆڕا بووە برۆکسل حەتمەن ئێمە شارەزای مێژوویی ئەم دوو شوێنە دەزانین لەدونیادا ئەمە سیناریۆی ئەمریکایە راستە 140 بۆ ئەوەی دەچێتەوە سەر عێراق سیناریۆی ئەمریکا لەپشت پەردەوە کار بۆ ئەمە دەکات کەرکوك هەر مەسەلەیەکی عێراق نی یە بەڵکو مەسەلەیەکی ئیقلیمیشە بەتایبەتی تورکیا کە ئێمە باس کردنی چۆن کوردو عەرەب تەرەفێکی رەئیسین لە معادەلەی کەرکوك تورکیا تەرەفێکی زۆر گرینگە لەوانە چونکە ولاتێکی ئیقلیمی بەهێزە وڵاتەکە گەورەیە وە حەلیفی ئەمریکاشە لەمەنتیقە بۆیە ئەگەر بێینە سەر خسوسیەتی کەرکوك ئەوان لەدەستووری خۆشیان تا ئێستا بابڵێین کە باسی لەویلایەتی موسڵ دەکەین کەرکوك بەشێك بووە لەوەو لەسەر دەستووری خۆیان میزانیەیەکی ڕەمزییە لە تورکیا ئەمە خۆی بوعدێکی وایە کە ئەوان تێڕوانینێکی جیایان هەیە لەهەر مەسەلەیەك هەتا لەدەستووری عێراق ئەوان زۆر تەدەخولیان کرد هەتا لەدەستووری تەوافوقە گەیشت کە ماددەی 140 لێ بەرهەم هات زەختی تورکمان بوو حەقیقەتەن، کاتی خۆی لەوەسەتی تورکیا کۆمەڵێك بۆ چوونی جیاجیا بۆ ئەوەی کەچۆن تەعامول لەگەڵ وەزعی هەرێمی کوردستان بکەن ئەوان کە هەر جۆرە تەعاملێکی تورکەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەڕوانگەی کەرکوکەوەیە چۆن ئەوان خسوسیەتی کەرکوك بپارێزن و بەرژەوەندیەکانیان لە کەرکوك بپارێزن من دەگەڕێمەوە بۆ ساڵانی نۆهەتەکان کاتێك کە پرۆژەکانی تۆرکت ئۆزال ئەوانە هاتنە مەبدەل کەوا چۆن تەعامل لەگەڵ قەزییەی کوردی بکەن بۆ ئەوەی کە بۆ چوونی ئەوە هەبوو هەتا کۆن فیدراڵی بەڕێز مام جەلال و بەڕێز کاك مەسعود بارزانی چەندین جار لەکۆبوونەوە من ناڵێم کۆبوونەو ە ئاشکراکان بەڵکو لەکۆبوونەوە نەهێنیەکان ئەوانەی کە لەسەحافەی ئەمریکا و لەسەحافەی ئەوروپی باسیان ئەکرد.بیریان لەوە دەکردەوە کە عێراق جارێکی تر ئەم هەرێمە خسوسیەتی یا لەگەڵ تورکیا یەك بگرن وە پاشان ئەوانیش ئەجندای ئەوەیان هەبوو جۆرێك لەخسوسیەت بدەنە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی تەیاری تۆرکت ئۆزال ئەوانی دیکە بیریان لەوە دەکردەوە کە دەوڵەتی کوردی دروست بێت نەك ئەوەی ئێستا تورکیا معارزی کەرکوکیشە دەوڵەتی کوردی بەو مەعنایەی کە جەماعەتی ئۆزال و ئەوانەی لەپشتەوەی ئەو مەسەلەیە بوون. پێیان وابوو ئەگەر دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری عێراق دروست بکرێت زۆر لەبەرژەوەندی ئەوانە ئابوورییەن هەتا سیاسییەن نموونەی ئەوەیان هێنابووەوە کە ئەوەندەی ئەمریکا دەسەڵاتی

بەسەر سعودیاو قەتەرو بەحرێن دا دەشکێ ئەوەندە دەسەڵاتی ئەمریکا لەواشنتۆن دەسەڵاتی بەسەر کالیفۆرنیاو بەسەر تەکساس و بەسەر هەرێمەکانی دیکەدا ناشکێ لەڕووی ئیحتیواکردنیەوە بەئاشکراش ئەو پێشنیارەیان خستە ڕوو کاتێك کە ئەو هەرێمە بوو بە دەوڵەتێکی بچوك تورکیا عیملاقی خۆی دەتوانێ زۆر بە ئاسانی کۆنترۆڵی هەرێمی کوردستان بکات، هەر لەحزەیەکیش بەرپرسان لەهەرێمی کوردستان پاش گەزبوونەوە لەتەحالفیان لەگەڵ تورکیا وەکو قووە ئیجتیاحی دەکەن و دێن ئەوە تەسەوەری تورکەکان لەسەرەتایی نۆهەتەکاندا ئەم مەسەلەیە گۆڕا لەدووایی ڕووخانی سەدام. تورکیا ئێمە هەمووماں دەزانین کە بەشداری شەڕی نەرکردوو جۆرێك لەساردبوونەوە لەنێوان ئەوان و ئەمریکا ڕوویدا لەسەر مەسەلەی عێراق، هەر ئەوەش بوو وای کرد تورکیا لەمەسەلەی زەخت کردن لەسەر قیاداتی سیاسی عێراقی و قیاداتی سیاسی کوردی ئەو دەورەی نەبێ کە ئەو ترسەی هەبوو جاران مەبەستم لێرە ئەوەبوو ئێستا لەگەڵ ئەم گۆڕانە تورکەکانیش جۆرێك تەقەبوولیان کردووە بۆ ئەم مەسەلانە بەو مەعنایەی ماوەیەك بەر لەئێستا دەرکەوتنێکی ناڵێم شەفەهی بەعەرەبی پێ ی دەڵێن بەڵکو پێ ی دەڵێن " روئیە ئیستراتیجیە مشترکە" لەنێوان ئەمریکا و تورکیا تەفەهوم کرا قسەی لەسەر کرا بەوەی کە ئەوان تەفەهومی مەسەلەی کوردستانی عێراق دەکەن بەکەرکوکەوە من دیسان بەبیرتان دێنمەوە هەر تێڕوانینێکی تورکیا لەسەر مەسەلەی کوردستانی عێراق بەندە بەتێڕوانینیان لەسەر مەسەلەی کەرکوك. دیارە لەو "روئیە سیاسیە مشترکە" کورد دەورێکی زۆر گرینگی هەبووە بۆ ئەوەی بەڕێز کاك وشیار زێباری و بەرهەم صالح لەو معادەلەیە بوونەو قسەیان کردووە، ئەو قسانە دەکەم هەمووی لەنەتیجەی متابەعەی من

بەرپرسان دەبینم بەحوکمی بەرنامەکەو وە زائیدەن لەو مەصادرە ئەنتێرنێتانەی کە هەمە ئەوانەم کۆکردۆتەوە. هەینی رابردوو بەرهەم صالح بەشەفەهی ئەوەم لەگەڵ باس کرد لەبەرنامەکەش ئەم شەو دادەبەزێ غێرمباشر باس دەکا کە کورد بەشێکی گرینگ لەمعادەلەی "روئیە سیاسیە مشترکە" بەهۆی کە قراروا بوو تورکەکان نەرم بنوێنن لەسەر مەسەلەی کەرکوك وە ئەو توندیەی کە لەسەر مەسەلەی کەرکوك هەیانە، بەئاراستەی ئەوەی دایان کە بەرپرسێکی گەورەی تورکیا هەتا دانرابوو وەزیری خارجی بێتە بەغدا پاشان بێتە هەولێر لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە مەسەلەی کەرکوك حەسم کەن لە معادەلەی عیلاقاتی نێوان هەرێمی کوردستان تەسەوری تورکیا ئەوەیە یان ئەوە کە دەبێ کەرکوك لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان ئەو خێروبێرەی کە هەیە وە هەر سوودی لێ وەرگرێتن یان وەکو دەوڵەتێك کە تورکیا دەعمی بکات دایمەزرێنێ لەبەرنامەکەی ئەم شەویش ئەگەر ملاحەزە بکەن کە بۆڕی نەوت لە کەرکوکەوە بەرەو هەولێرو دهۆك ئینجا بچێتە تورکیا لەمعادەلەی کوردی کار بۆ ئەوە دەکات. یا ئەوە مەسەلەی تەسەوری تورکیایە لەسەر مەسەلەی کەرکوك نابێ هاوکێشەیەکی سیاسی و قانوونی و یاسایی بگەڕێتەوە ئەوانی تێدابێ پاشان ئێمە سیناریۆی عێراقی تێڕوانینی عێراقیمان هەیە. ئێمە دەزانین لەو هەمووو مفاوەزاتانەی کە کراوە عەرەبی عێراق بەعام یەك تەسەوریان هەیە رەفزی ئەوە دەکەنەوە کەرکوك بەشێك بێت لەهەرێمی کوردستان باس لە 74 و دواتریش بکەین هەتا وەکو زەمانی بارزانیش 1943 بارزانی داوای فیدراڵی دەکات، کە ئەو کات ناوی لێنابوو ویلایەتی کوردستان کەرکوکیشی تێدا بوو کە ئەو کات مفاوەزاتی ماجید مستەفا و ئەوانە بەمێژوو وازحن کە ئێستا دیسان لەسەر مەسەلەی کەرکوك حەسمی

نەبوو، بۆیە تێڕوانینی عێراقیەکانیش پاش ئەو مودەتە زۆرە ئێستا گۆڕا وە سوننەکان ڕەفزی نیهائی دەکەنەوە لە کەرکوك بەشێك بێت لەهەرێمی کوردستان ئەگەر ماددەی 140 یش چارەسەری بکات. شیعەکان بەواستەی ئێران چونکە نەزعەیەکی ئینفیصاڵیانە هەیە وەکو هەرێمی کوردستان لەعێراق دیارە صەففەقەیەکی من ناڵێم سڕی صەففەقەیەکی سیاسی هەیە لەبەینی هەرێمی کوردستان و شیعە بەتایبەتی حوکمی عەبدول عەزیزحەکیم بەوەی کەئەوان ڕازین کە لەرێگای ماددەی 140 وە کەرکوك معالەجە بکرێ بچێتە سەر هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەوەی کە کورد دەعمی فیدراڵی جنوبی هەر وەکو ئێمە دەشی بینین لەصەحافەو لەئیدارە ڕەسمیەکان و نارەسمیەکان بەرپرسانی کوردو شیعە ئەو صەففقەیە زۆر وازح دێتە بەرچاو هەتا لەسەر مەسەلەی کەرکوکیش شیعەکان نەرمتر دێنە بەرچاو لەسوننەیەکان ئەوە جۆرێکە لەسیناریۆی عێراقی عێراقی بۆ مەسەلەی کەرکوك، لەهەمووی خەتەرتر سیناریۆی کوردییە یاخود بڵێین تێڕوانینی کوردی کوردیە بۆ مەسەلەی کەرکوك من پێم وایە لێرەوە خەتەرە من هەموو موحازەرەکەم بۆ ئەو مەسەلەیە جگە لەو خەتەری ئیقلیمی یە ڕەفزی عەرەبی عێراقی بەهەر دوو باڵەوە ئەگەرچی ئەمڕۆ نەرمیەك لەلایەن شیعەوە هەیە بەڵام تێڕوانینی کوردی کوردی بۆ معالەجەی مەسەلەی کەرکوك من لێرە پێم خۆشە باس بکەم. ئێمە دەزانین لە2006/11/15 کە بەڕێز مام جەلال قانوونی محافەزاتی ئیمزاکرد زەجەیەکی زۆر گەورە لەکوردستان ڕوویدا هەموومان بەبیرمان دێتەوە من تەسەور ناکەم سیاسیەکی وەکو بەڕێز مام جەلال زۆر بەئاسانی و زۆر بەسادەو ساکاری بڕیاری محافەزات لەعێراق ئیمزا بکا لەکاتی بـــــلێمەر من

گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە تێڕوانینی کورد سێ تێڕوانینی هەیە بۆ معالەجەکردنی مەسەلەی کەرکوك تێڕوانینی یەکێتی نیشتمانی هەیە تێڕوانینی پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە وە تێڕوانینی خەڵکی کوردستان هەیە. یەکێتی ئێستاش لەسەر ئەو وەتەرە کار دەکات کە فیدراڵی محافەزات لەعێراق تەسبیت بێت بۆ ئەوەی کە بەرژەوەندی کەرکوك لەوەوە دەبینن. ئێمە دەزانین دەستووری موئەقەت وا دانرابوو هەرسێ پارێزگا دەتوانن فیدراڵیەت دروست بکەن یەکێتی لەسەر وەتەری سلێمانی کەرکوك بەعقوبە کار دەکات کە ئەمە ببێتە فیدراڵیەکی سەربەخۆ بابڵێین فیدراڵیەت لەوسێ پارێزگایە دروست کەن دەکرێ ناوی لێ بنێن دەوڵەمەندترین فیدراڵی لەعێراقدا کە کەرکوکی پێوەیە.